# ژن لە پرۆسەی هاوسەرگیری لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی خامورابی (1792-1750پ.ز) و دەقە مێخییەکانەوە

**پ.ی.د.ئارام جلال حسن**
بەشی شوێنەوار، زانکۆی سەلاحەدین
aram.hassan@su.edu.krd
**پ.ی.د. ژیار صدیق رەمەزان**
بەشی شوێنەوار، زانکۆی دهۆك

**الملخص**

كان للمرأة دورا مهما في حضـــارة ميزوبوتاميا، ولهذا الســـبب كان لها مكانة خاصـــة، وعلى ضـــوئها تم تحديد مســـؤولياتها وحقوقها القانونية في النصـــوص القانونية في الألف الثاني قبل الميلاد، خاصـــه في قوانين حمورابي، وفيها تم تخصـــيص مواد قانونية عدة (قانون 128 - 191) بالمرأة و المواضـــيع المتعلقة بها مثل كيفية عملية الزواج، الطلاق، حقوق ومســـؤوليات المرأة داخل العائلة، الأطفال...إلخ.

وبشكل عام كان قسم المجتمع على ضـوء قانون خامورابي الى ثلاث طبقات اجتماعية، الطبقة الاقطاعية (آويلوم Awilum) وطبقة المواطنين أو الفقراء (مشكينوم Muskinum) وطبقة العبيد (وردوم Wardum) وبالتأكيد كانت المرأة موجودة داخل هذه الطبقات الثلاثة، وغالبا كانت المرأة داخل طبقه الاقطاعين لها حقوق اكثر من المرأة التي كانت في طبقة الفقراء أو طبقة العبيد.

ســـنحاول في هذا البحث تســـليط الضـــوء على عملية الزاوج و تعدد الزوجات من جانب، و تحديد موانع الزواج في مجتمع البابلي القديم في الألف الثاني قبل الميلاد من جانب آخر.

و ختاما قمان بوضـــع نص مســـماري خاص بعقد زواج مع قرائته و ترجمته بهدف تســـليط الضـــوء على الكثير من الجوانب الخاصة بحقوق المرأة ما بعد عملية الزواج.

**Abstract**

Women had an important role in the Mesopotamian civilization, for this reason they had a special status, and in light of them, their responsibilities and legal rights were defined in the legal texts of the second millennium BC, especially in the Code of Ḫammurabi, in which several legal articles (Laws 128-191) were dedicated to women and Related topics such as how the marriage process, divorce, women’s rights and responsibilities within the family, children...etc.

In general, society was divided in light of the law of Ḫammurabi into three social classes: the feudal class (Awilum), the class of citizens or the poor (Miškinum), and the class of slaves (Wardum). Certainly, women were present within these three classes, and women were often within the class of their feudal lords More rights than women who were in the poor class or the slave class.

In this research, we will try to shed light on the process of marriage and polygamy on the one hand, and identify the obstacles to marriage in ancient Babylonian society in the second millennium BC on the other hand.

In conclusion, we prepared a cuneiform text on a marriage contract, read and translated it, with the aim of shedding light on many aspects of women’s rights after the marriage process

**پێشەکی :**

ژن ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە شــارســتانیەتی میســۆپۆتامیا، ئەمەش وایکردووە پێگەیەکی تایبەتی هەبێت و بە گرنگییەوە لە چوارچێوەی یاســا ماف و ئەرکەکانی دیاریبکرێت لە هەزارەی دووەمی پێش زاین، بە تایبەتی لە یاســای خامورابی ، کە تیایدا چەندین برگەی یاســایی (برگەی 128 تا 191) تایبەت کراوە بە ژن لە پرۆســەی هاوســەرگیری ، جیابوونەوە ، ماف و ئەرکی ژن لەخێزان ، منداڵ....هتد.

بەگشتی کۆمەڵگا لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی خامورابی بۆ سێ چین دابەش کرابوو، ئەوانیش (چینی خانەدانەکان (ئاویلوم – Awilum) ، چینی هاولاتییان یان هەژاران (مشــکینوم – Muškinum) ، چینی کۆیلەکان (وەردوم – Wardum) بێگومان هەریەکە لەم چینە کۆمەڵایەتیانە ژنی تیابووە، زۆر جار ژنێك لە چینی خانەدانەکان بەپێی یاسا مافی زیاتری هەبووە لە ژنێك لە چینی هەژاران یان کۆیلەکان.

لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر پرۆسەی هاوسەرگیری و ڕێکارەکانی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە و دیاریکردنی ماف و ئەرکی ژن لەچوارچێوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان.

باس لە جۆرەکانی هاوسەرگیری و فرەژنی لەلایەك، دەست نیشانکردنی هاوسەرگیرییە قەدەغەکراوەکان لە کۆمەڵگای بابلی کۆن لەلایەکی ترەوە لەهەزارەی دووەمی پێش زاین.

لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا نمونەیەك لە خوێندنەوەی دەقێکی مێخی تایبەت بە گرێبەستی هاوسەرگیری ودیاریکردنی ماناکەی دەخەینە ڕوو بە ئامانجی تیشك خستنە سەر زۆر لایەنی تایبەت بە پاراستنی مافی ژن لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری.

گومانی تێدا نییە کە خێزان لەســەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا و لای ســەرجەم گەل و نەتەوەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە و ئێســتاشــی لەگەڵ دابێت، خێزان پێگە و جێگەی خۆی لەدەســت نەداوە، ئەم گرنگیەی خێزانیش لەوە هاتووە کە لە یەك کاتدا پێکهاتەی یەکەمی ســەرجەم کۆمەڵگاکان و لەهەمان کاتیشــدا ئەو ناوەندە پەروەردەیەشــە کە بۆ یەکەم جار هەموو تاکەکان ژیانی لێوە دەست پێ دەکەن و بونیادی کەسێتیانی تێدا گەشە پێدەدەن.

خێزان بریتی یە لە یەکگرتنێکی یاســایی لەنێوان پیاو و ژن بە مەبەســتی پێکهێنانی ماڵێکی ســەربەخۆ و وەچەنانەوە، ئەمە سەرەڕای دروستکردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان دوو بنەماڵە[1].

لەدێر زەمانەوە دەستەڵات داران و چاکسازان لە میسۆپۆتامیا هەوڵی شێوازی ڕێکخستنی خێزانیان داوە، چەندین ڕێوشوێنیان بۆ ڕێکخســتنی تاکەکانی خێزان و پەیوەندی نێوانیان داناوە لەو پێناوەشــدا چەندەها یاســا هاتۆتە کایەوە[2]، لە کۆنترینیان چاکسازیەکانی ئوروئینیمگینا (ئوروکاگینا)[3] کەباس لە چاکسازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەکات[4]. هەروەها ئەگەر پێشەکی هەبوایە دەبوو بەیاسا[5].

لە دیارترین و ڕێك وپێکترین یاســا بە دەســتمان گەیشــت بێت یاســای خامورابییە کە تیایدا زۆر بەووردی گشــت لایەنەکانی پەیوەســت بەخێزان و چۆنیەتی پێکهێنانی خێزانی تیا روون کراوەتەوە. نزیکەی ســەد ماددەی یاســایی بۆ ڕێکخســتنی کاروباری تایبەت بە خێزان تەرخان کردووە[6].

لە کۆمەڵگای میسۆپۆتامیای کۆندا سیستەمی خێزان باوك سالاری بووە[7]. خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری لە میسۆپۆتامیای کۆن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ کاریگەری بارودۆخی ئایینی و کۆمەڵایەتی لەسەر بووە، هەر ئەمانەش بونەتە هۆی دیاری کردنی ڕێو ڕەسمەکانی هاوسەرگیری و چۆنیەتی پێکهێنانی خێزان. ووشەی خێزان لە زمانی سۆمەری بە(IM.RI.A)، پێدەڵێن[8]، بەڵام هاوواتاکەی لەزمانی ئەکەدی پێی دەڵێن (kimtu)[9]، هەرچەندە زاراوەی کیمتۆ (kimtu) لە هەندێك تیکســت مانایەکی فراوانتری هەیە ، کە بە واتای ماڵ دێت ، کە ژن و پیاو و منالەکانیان دەگرێتەوە، هەندێك جار براکانی ژنەکەش دەگرێتەوە[10].

---

1 الهاشمي، رضا جواد: نظام العائلة في العهد البابلي القديم، بغداد، 1971، ص66.
2 باقر، طه، وآخرون: تأريخ العراق القديم، ج2،بغداد، 1980، ص81.
3 ئورکاجینا: یەکێکە لە پاشــاکانی بنەماڵەی لە گشــت ئەم حاکمە لەدەروبەری ســاڵی 2400پ.ز کردووە ســەرەتا خۆی وەك حاکم داناوە بەڵام لە ســاڵی دووەمی فەرمان ڕەواییەکەیدا نازناوی پاشــا (Lugal) داناوە هەڵســاوە بە ئەنجام دانی چەندین چاکســازی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە باقر، طه ، المقدمه فی تأریخ الحضارات القدیمه ، ج1، بغداد، 1955، ص237.
4 رسام، رواء أنور عزيز، الإناء الفوار و علاقته بإله الماء أنكي وبدائله في فنون بلاد الرافدين، رسالة غير منشورة، اربيل، 2009، 29
5 صاحب، زهير: الفنون البابلية، ط1، بغداد، 2011، ص27
6 سليمان، عامر: القانون في العراق القديم، بغداد، 1987، ص143 – 144
7 رشيد، عبدالوهاب حميد، حضارة وادى الرافدين، العقيدة الدينية الحياة الاجتماعية، بغداد، 2004.
Halloran,J.: Sumerian Dectionary, USA: 2006, P.126. 8
9 CAD.K. p.219.
10 Mathews, V. : Marriage and Family in the Ancient Near East, 2003 , p.3



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وە بەشێوەیەكی گشتی كۆمەڵگای میسۆپۆتامیا كۆمەڵگایەكی جوتیاری و بازرگانی بووە، هەر بۆیەش پێكهێنانی خێزان پێویستیەكی گرنگ بووە بۆ مەبەستی زۆر بوون و پاشان یارمەتی دانی ژن بۆ پیاو لە ڕاپەڕاندنی كارەكانیدا[11]. گرنگی دان بەو پەیوەندیەش لەوەدا دەردەكەوێت كە دانیشتوانی كۆنی میسۆپۆتامیا ئەو پەیوەندییەیان بەگرێبەست و قەواڵەیەكی فەرمی و یاسایی دەستپێكردووە، لە تێكستە یاساییە كۆنەكاندا بە ئاشكرا و بە دەقی نووسراو باس لەوە كراوە كە دەبێت گرێبەستێكی فەرمی لەنێوان ژن و پیاودا هەبێت تا هەریەكەیان سەرجەم ئەو ئەرك و مافانە بزانن كەبەهۆی ئەو گرێبەستەوە لایان دروست دەبێت هەروەها مەبەستێكی تری ئەو گرێبەستە توند و تۆڵ كردنی پەیوەندی نێوان تاكەكانی خێزان و ئەو ئەو دوو بنەماڵەیەیە كە ئەم ژن و ژنخوازییەیان لەنێوان ئەنجامدراوە[12].

ژن لە میسۆپۆتامیا بەر لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لە ماڵ باوكی خۆی بووە، بگرە لەسەر ئاینی باوكیشی بوو، زیاتر پەیوەستی ئەم خواوەندە بووە كە زیاتر باوكی لای پەسەند بووە و پەرستوویەتی، بەڵام دوای ئەنجامدانی هاوسەرگیری و چوونە ماڵی هاوسەرەكەی، هاوشێوەی هاوسەرەكەی پەیوەست ئەكرا بەو خواوەندەی كە زیاتر لای هاوسەرەكەی پەسەند بووە، ئەم دیاردەیەش دیاردەی پیاو سالاری لە كۆمەڵگای میسۆپۆتامی نمایش دەكات[13].

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی خێزان لە میسۆپۆتامیای كۆندا ئارەزوویان لەمنداڵی زۆر بووە، ئەمەش پەیوەندی هەبووە بەبیرو باوەڕی ئایینی هەروەها یارمەتیدانی باوك لەكاروباری كشتوكاڵی وبازرگانی وشوانكاریدا، هەروەك لە ئەفسانەی گەلگامێش جەختی لێكراوەتەوە، كە ئەوانەی منداڵیان زۆرە لەم دنیا و لەو دنیاش مامەڵەی تایبەت و بەڕێزیان لەگەڵ دەكرێت[14].

هەرچەندە زانیاری تەواومان لەبەردەست نیە كە بزانین شێوازی هاوسەرگیری و پێكهێنانی خێزان چۆن چۆنی بووە لە قۆناغە زووەكان، ئەمەش لەبەر نەبوونی نووسین لەوكات، بەڵام لەدوای داهێنانی نووسین و تۆماركردنی زانیارییەكان پەیتا پەیتا زانیارییەكان بەدەستمان ئەگات وبۆمان روون ئەبێتەوە، تاوای لێدیت لە سەردەمی بابلی كۆن زانیارییەكان ئەگەن بە لووتكە و تێكستی مێخییەكان زۆر بە ڕوونی باسی بابەتی هاوسەرگیری ئەكەن.[15]

پێكهێنانی خێزان لەسەردەمی بابلی كۆندا بابەتێكی زۆر گرنگەو گفتوگۆیەكی زۆری ئەوێت، بەڵام لێرەدا هەوڵ ئەدەین بە كورتی تیشكێك بخەینە سەر ئەم لایەنە لە روانگەی دەقێكی مێخی تایبەت بە هاوسەرگیری كە دواتر ئاماژەی پێ بكرێت ئەكەین.

بەشێوەیەكی گشتی هاوسەرگیری لە سەردەمی بابلی كۆن بەپێی ئەو زانیاریانەی لە دەقە مێخیەكانەوە بەدەست هاتوون بەچەند قۆناغێك بووە :

1- مارە برین :

لەسەردەمی بابلی كۆن هیچ دەقێكی یاسایی نیە تایبەت بێت بە مارە برینی كچێك لە لایەن كورێكەوە، تەنها ئەوە نەبێت كە پیاو كچێكی گونجاو دەست نیشان ئەكات و دەچێتە لای باوكی كچەو داوای ئەكات، ئەمە لەكاتێك ئەگەر بێت پیاوەكە خۆی تەمەنی بالغ بێت، بەڵام ئەگەر هەرزەكاربوو (واتە هێشتا مەسرەف و گورزەرانی لەسەر باوكی بوو) ئەوە باوكی كورەكە خۆی ئەچێتە لای باووكی كچەكەو داوای كچەكە بۆ كورەكەی ئەكات، واتە دەسەڵات باوكایەتی بووە[16]، ئینجا ئەگەر هەردوولا ڕازی بوون دیاری مارە برین كە بە ئەكەدی پێی ئەڵێن (بیبلوم Biblum – )[17] كە لەلایەن كورەكە یان باوكی كورەكە ئەدرێت بە باوكی كچەكە، ئەم دیاریەش بۆ كچەكە نیە بەڵكو بۆ باوكەكەیە لە بەرامبەر رازی بوونی باوكی كچەكە بە شوو كردنی كچەكەی[18]، واتە باوكی كچەكە دەستبەرداری كچەكەی نەئەبوو ئەگەر دیارییەكەی وەرنەگرتبایە[19].

بەڵام ئەو مارەییەی كە بە كچەكە ئەدرا پێی ئەوترا (تیرخاتووم - terḫatum) كە زۆر جار پێك ئەهات لە برێك زێر یان زیو لەگەڵ جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوە، هەندێك جار رووبەرێكی دیاریكراو لە زەویشی لەگەڵدا بووە ، بەڵام بەزۆری لە تێكستەكان بە زیو ئاماژەی پێكراوە[20].

---

11 كوركيس ، عادل : تطور الزواج ،(د-ت) ، ص13-17

12 حمادى، صباح جاسم: الجذور التأريخية لنظام الزواج في وادى الرافدين، مجلة كلية الآداب، العدد102، ج2، بغداد، 2012، ص106.

13 Matthews, V. : Marriage and Family in the Ancient Near East, 2003 , p.3

14 ساكز ، هارى، عظمة بابل، ت، عامر سليمان، موصل، 1979، ص209.

15 الهموندي ، آرام جلال حسن: نصوص مسمارية غير منشورة من مدينة بيكاسي في العصر البابلي القديم، ط1، دمشق، 2017، ص82-90

16 Matthews, V.:Op.cit, p.1-3

17 CAD, b, p.219

18 ئەم دیاردەیە تا ئێستاش لەناو كۆمەلگای كوردی بوونی هەیە كە پێی ئەڵێن شیربایی ، بەلام ئاینی ئیسلام ئەم دیاردەیەی حەرام كردووە.

19 ريك ، جان امل : مركز المراءة في قانون حمورابي ، ترجمة :سليم العقاد ، (قاهرة :1926)، ص9-10

20 الهموندي ، آرام جلال حسن : نصوص مسمارية غير منشورة من العصر البابلي القديم من مدينة بيكاسي ( تل ابو عنتيك) من المتحف العراقي ، رسالة ماجستير غير منشورة، ( اربيل :2012) ، ص47-53.

پاش ئەمە ئینجا ڕێو ڕەسمی مارە برینەکە دەست پێ ئەکات ئەویش بەوەی کە کورەکە (زاوا) ڕۆنی پیرۆز (الزیت المقدس) بەسەر دەستگیرانەکەی (بووك) دەرژێنێت، بەمەش وەك دوو کەسی مارەبڕ لەیەکتری لەقەڵەم ئەدرێن[21]. هەر بەم بۆنەیەوە دیاری وەك خواردن و خواردنەوەو جل وبەرگ و خشڵی گرانبەها پێشکەش ئەکرێت، ئەمە سەرەڕای کۆبوونەوەی کەس و کاری هەردوولاو هاوڕێکانیان لە ماڵی کچەکەو ئاهەنگ گێرانیان بە بۆنەی مارە برینەکەوە، شایەنی باسە کورتی و درێژی ماوەی ئاهەنگی مارەبرینەکە بەپێی باروودۆخی تایبەتی زاوا دە گۆڕا، وەك تەمەن بچووکی زاوا یان هەژاری[22]. هەندێك تێکستمان بە دەست گەیشتووە کە ئاماژە بە ئاهەنگ گێرانێکی گەورەو مەسروفێکی زۆر ئەکات کە تیایدا ئاهەنگەکە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەردەوام[23].

لەم قۆناغە کچەکە بە تەواوی لە ڕووی یاساییەوە بە خێزانی کورەکە دانانرێت تا گرێبەستی هاوسەرگیری نەکرێت، بەڵام دوای ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری ئەکرێت (عقد زواج) کە بەڕەزامەندی کورەکە وکچەکە و باوکی هەردوولا ئەنجامدەدرێت و بە ئامادەبوونی چەندین کەس وەك شایەت، ئەوکاتە کچەکە بە ڕەسمی وەك خێزانی کورەکە ئەناسرێت (aššat awīlum)[24]. ئەوکات کچەکە وەك هاوسەر (خێزان) سەیر ئەکرێت و هەموو ماف و ئەرکێکی یاسایی خۆی ئەبێت ، واتە زەواج کردن تەواو نابێت تا بەنووسینی گرێبەست نەبێت لەنێوان هەردوو لادا، کە تیایدا ئەبێت لەم گرێبەستەدا ئاماژە بەناوی هەردوولا بکرێت لەگەڵ بڕی مارەیی کچەکە کە بە ئەکەدی پێی ئەڵێن (تیرخاتوم-terḫatum) کە ئەمەش بریتیە لەو دیارییەی کە زاوا پێشکەشی بە بووك ئەکات و(واتە دیارییەکە بۆ کچەکەیە) و جیاواز لەدیاری (بیبلۆم – Biblum)کە ئەدرێت بە باوکی کچەکە[25].

شایانی باسە ژن لەدوای ئەوەی دەچێتە ماڵی خۆی لە لایەن هاوسەرەکەی دیارییەکی تری پێشکەش دەکرێت بە ناوی نودینوم – Nudinnum، ئەم جۆرە دیارییەش خۆی لە جل و بەرگ و خواردن پێداویستی تر دەگرێتەخۆی بۆ ئەوەی ژنەکە لەماڵە تازەکەی خۆی بتوانیت بژیت[26].

دیارییەکی تریش هەیە کە بە شیریکتوم – Šeriktum ناسراوە، ئەمەش بریتیە لەو دیارییەی کە ژنەکە لەماڵ باوکی خۆی دەیهێنێت لەکاتی چوونی بۆ ماڵی هاوسەرەکەی، ئەم دیارییەش لە ڕاستیدا بریتیە لە بەشە میراتی ژنەکە لەماڵی باوکی کە بەشێوەیەکی فەرمی بە گرێبەستی یاسایی بڕەکەی بۆ دیاریدەکرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوو هیچ کەسێك نەتوانێت داوای لێبکات، یان لەکاتی جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بە پێی دەقی ئەو گرێبەستە بتوانیت داوای بڕی ئەو دیارییە بکاتەوە لە هاوسەرەکەی[27].

ئەنجامدان و نووسینی گرێبەستی تایبەت بە هاوسەرگیری بە ئامادەبوونی چەند شایەتێك ئەنجام دەدرێت ، لەگەڵ تۆمارکردنی مێژووی گرێبەستەکە، شایانی باسە لەم جۆرە گرێبەستانە ئاماژە بەوە دەکرێت کە هەرلایەنێك لە زاوا یان بووك پەشیمان بێتەوەو داوای تەڵاق یان جیابوونەوە بکات ئەوا تووشی سزای توند ئەبیت لەگەڵ دانەوەی بڕی مارەییەکە بە دووقات[28]. بۆ نموونە ئەگەر زاوا داوای تەڵاق بکات لە کاتی مارەیی پێش گواستنەوەکە، ئەوا ئەو مارەییەی کە داویەتی بە کچەکە پێی نادرێتەوە، بەڵام ئەگەر باوکی کچەکە یان کچەکە خۆی داوای جیابوونەوە بکات، ئەوا دەبێت مارەییەکە بە دووهێندەی خۆی بداتەوە بە زاوا یان باوکی زاوا، ئەمەش لە یاسای خامورابی مادەکانی (159-161) ئاماژەی بۆ کراوە[29].

سەرەڕای ئەوەی کەوا سەرجەم یاسا کۆنەکانی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان (بابلی ، ئاشووری) زۆر گرنگیان بە بابەتی خێزان داوەو چەندین برگەی یاساییان تایبەت کردووە بەم مەسەلەیە، بەجۆرێك کە وەك بابەتێکی گرنگی ناو کۆمەڵگای وڵاتی میسۆپۆتامیا سەیر کراوە، هەوڵدراوە سنوورێکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی لە کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی بەدوور بێت. بەڵام وا دیارە نەتوانراوە 100% ئامانجەکەی خۆی بپێکێت ئەمەش لەوە دەردەکەوێت کە بەپێی یاساکان (یاسای خامورابی) ئەنجامدانی هەر هاوسەرگیرییەك بە بێ بوونی گرێبەستی یاسایی نێوان دوو کەسەکە(کورەکە و کچەکە) یاسایی نیە، بەوپێیەش ئەگەر وابێت ئێمە ئەبێت ژمارەیەکی یەکجار زۆرمان لە گرێبەستی هاوسەرگیری دۆزیبوایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە تایبەتن بەم لایەنەوە تاکو ئێستا لە 100 دانە تێکست ڕەتی نەکردووە لەنێوان هەزارەها تێکستی مێخی کە پەیوەندی بە گشت لایەنەکانی ژیانەوە هەیە.

21 Driver , G. R and Miles , John , C : The Babylonian Laws ,vol 1 , (Oxford: 1952), p. P.249.
22 Ibid, p.249
23 Greengus, S.: OLD BABYLONIAK MARRIAGE CEREMONIES AND RITES, JCS,Vol.20, No.2 (1966), p.55-58
24 Ahw, p.83:b.
25 الهموندي :مصدر السابق ، ص 49.
26 الانصاري ، داليا فوزي : الاسرة في العراق القديم في ضوء النصوص المسمارية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، 2003، ص 53
27 -Driver , G. R and Miles , Op.Cit, p.271
28 عبدالمالك، منذر علي : نصوص ادارية وقضائية من تل الفخار (مدينة كوروخاني) نصوص غير منشورة ، رسالة ماجستير ،(بغداد :1999)، ص39،ص46 .
29 الانصاري : مصدر سابق، ص 166.

شـایانی باسـە نوسـینی ئەم گرێبەسـتانەش لە حاڵەتی تایبەتی بووە ئەمەش لەبەر گرنگی کچەکە یان بنەماڵەی کچەکە بوو بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی، دەوڵەمەندی، دەسـەڵاتی سـیاسـی یان پلەو پایەی ئاینی بنەماڵەکەی بێت. ئەمەش لە ترسـی ئەوە بووە لەکاتی جیابوونەوە کچەکە مارەییەکەی لەدەسـت نەدات. چونکە ئەنجامدانی هاوسـەرگیری بەبێ بوونی گرێبەسـت نایاسـایی بووە، لە داهاتوو ئەگەر کورەکە کچەکەشـی تەڵاق بدایە ئەوا کچەکە نەیدەتوانی داوای مافی یاسـایی خۆی بکات لەبەر نەبوونی گرێبەسـتی نووسـراوی تایبەت بە هاوسـەرگیری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەبینین ژمارەیەکی زۆر لە هاوسـەرگیری ئەنجامدراوە بەبی بوونی گرێبەست[30].

شایەنی باسە هەندێك جار سزای زۆر توند دادەنرێت بۆ ئەو لایەنەی (پیاو ، ژن) کە داوای جیابونەوە بکات کە زۆرجار بڕ و شـێوازی سـزاکە لە گرێبەسـتەکە تۆمار دەکرێت، کە هەندێك جارئەگات بە رادەی کوشـتن، پێدەچێت چەسـپاندنی ئەم جۆرە سزایانەی وەك بە کۆیلە کردن و کوشتن و فرێدانە ناو رووبار زۆرجار بۆ مەبەستی ئەوەیە کە ئەم هاوسەرگیرییە سەرکەوتوو بێت و لە داهاتوو هیچ لایەنێکیان بوێری ئەوەیان نەبێت داوای جیابوونەوە بکات ، کە زۆرجار ئامانج لەم جۆرە هاوسـەرگیریانە بریتی بووە لە بەیەك گەیاندنی دوو بنەماڵەی خاوەن پێگە و دەولەمەندی ناو کۆمەلگای میسۆپۆتامی لە سەردەمی بابلی کۆندا[31].

هەرچی سـەبارەت بە بڕی ئەو مارەییەیە (تیرخاتۆم) کە پیاوەکە یان زاوا ئەیدات بە بووك ئەوا لەخێزانێك بۆ خێزانێکی تر جیاوازبوو، ئەم جیاوازیەش ئەگەرێتەوە بۆ ئاستی دەوڵەمەندی و توانای دارایی کورەکە، بۆ نموونە هەندێك جار بڕی مارەییەکە دەگەیشتە 20 -30 شێقل زیو، کە ئەمەش مارەییەکی یەکجار زۆر بووە بۆ کاتی خۆی، بەڵام هەندێك جاریش گەیشتووتە 5 شێقل زیو[32].

لە پرۆسـەی هاوسـەرگیری بە گشـتی ژن هیچ مافێکی وای نەبووە کە بتوانیت ئەو کورەی هاتۆتە داوای رەتیبکاتەوە ئەمەش چونکە نەیتوانیوە لە فەرمانی کەسی یەکەمی خێزان (باوك) ، لە ئەگەری نەبوونی باوك برا گەورە یان دایك دەربچێت.[33]

بەهەمان شـێوە کورەکەش مافی ئەوەی نەبووە کچکە رەت بکاتەوە چونکە لە بنەرەتەوە باوکی بۆی هەڵبژاردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناتوانیت لە قسەی باوکی دەربچێت، هەروەك کورەکە هێشتا لە رووی بژێوی ژیانەوە لەسەر باوکییەتی و ناتوانێت سەربەخۆ بریار بدات[34].

بەگشتی لە کۆمەڵگای کۆنی میسۆپۆتامی پیاو بەشێوەیەکی فەرمی بەپێی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆی هەبووە چەند ژنێکی هەبێت، بەڵام ناکرێت ژنەکان لەیەك ئاسـت و پێگە دابن،[35] لەپاڵ ئەمەش چەندین کۆیلەی ئافرەتی هەبووە، کە وەك هاوسـەرو ژنی خۆی لەگەڵیان ڕاپبواردووە، سەرەرای ئەوەی کە گشت کارێکی پێکردوون چ لەناو ماڵ یان لە کێڵگەکاندا، بەبێ ئەوەی ئەو مافانەی هەبێت کە ژنێك بە شێوەیەکی فەرمی هەیبووە، تەنانەت زۆر جار منالیشی لێیان لەم کۆیلە ژنانە هەبووە، پیاوەکە ئازاد بووە لەوەی ئەم ژنانە و منالەکانیان وەك ژن و منالی خۆی بناسـێنیت یان نا، هەروەك ئازاد بووە لەوەی بیانفرۆشـێت، یان بەفەرمی منالەکە بکات بە کوڕی خۆی، یان ژنەکە بکات بە هاوسـەری خۆی و لە کۆیلایەتی ئازادی بکات، ئەمەش لە ماددەی 171ی یاسای خامورابی ئاماژەی بۆ کراوە [36].

هەرچەندە کۆمەڵگەی بابلی کۆن باوك سـالاری بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چەند ئیشـارەتیك هەیە کە ئافرەت ئەتوانیت هـاوسـەری داهـاتووی خۆی دیـاریبکـات، ئەمەش بە روونـی لە مـاددەکـانـی (149، 156) قـانـوونـی خـامورابـی رەنگیداوەتەوە[37].ئەگەرچی کۆمەلگای میسۆپۆتامی کۆن باوك سالاری بووە بەڵام جگە لەوەش جیاوازی لە چینە کۆمەڵایەتییەکان

---

30 ئەم زانیاریانەمان لە هەندێك لە برگەکانی یاسای خامورابی تێبینی کردووە ، بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە سەر یاساکانی خامورابی لە چۆنیەتی مامەلە کردنی پیاو لەگەل ژن و منالەکانی خۆی بۆی هەیە بیان کات بە کۆیلە و بیان فرۆشـێت ... هتد بێگومان ئەگەر گرێبەسـتی هاوسـەرگیری بوونی هەبێت باوك یان هاوسەر ناتوانیت بەم شێوەیەی رەفتار لەگەل ژن و منالەکانی بکات. بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە سەر برگە یاساییەکانی تایبەت بە خێزان و ژن لەم سەرچاوەی خوارەوە :
الأمين ، محمود : شريعة حمورابي، لندن ، 2007، ص ص 40 -56

31 لە یەکێك لە تێکسـتکەکانی نامەی ماسـتەرەکەم کە بریتیە لە گرێبەسـتێکی هاوسـەرگیری کە تیایدا هاتووە :ئەگەر پیاوەکە داوای جیابوونەوە لە خێزانەکەی بکات و پێی بلێت تۆ خێزانی من نیت ئەوە پیاوەکە سەری سفر ئەکرێت و بەکۆیلە ئەفرۆشرێت، بەلام ئەگەر خێزانەکەی داوای جیابوونەوە لە پیاوەکە بکات و بە هاوسـەکەی بڵێت تۆ هاوسـەرم نیت ئەوە خێزانەکەی ئەگرن و هەلی ئەدەنە ناو رووبار لەبەر چاوی کەس و کاری بێ ئەوەی مافی شکایەت کردنیان هەبیت لە دژی پیاوەکەی . بۆ زانیاری زیاتر سەیری ::
الهموندي ، آرام جلال حسن : مصدر سابق ، ص47-53

32 Finekel, I, L : An Early Babylonian legal Document. RA , vol 70 No1,1976,p.53

33 بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە سەر ئەو تێکستەی کە لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەمان بۆ کردووە.

34 الآغا ، وسناء حسون: المرأة في حضارتي العراق و مصر القديمتين، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الموصل ، 2009، ص11-12

35 الحمداني ، شعيب أحمد: قانون حمورابي، بغداد، 1987-1988، ص 97

36 مرعي، عيد: قوانين بلاد مابين النهرين ، دمشق، 1995، ص80

37 حنون، نائل : شريعة حمورابي ، دمشق،2005، ص ص 142-143 و ص ص163-165.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

زۆر جار پێگەی ئافرەتێکی چینی ئاویلوم (خانەدان) بەرزتر نرخاندووە لە پیاوێکی چینی مشـــکینوم(هەژارەکان) یان وەردوم (کۆیلەکان) ئەمەش لەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماددەیەکی یاسـای حامورابی هاتووە ئەگەر ئافرەتێکی چینی ئاویلوم(خانەدان) شـــو بە پیاوێك بکات لە چینی وەردوم(کۆیلەکان) ئەوە منداڵەکانی بەناوی دایکیان دەکرا و وەك مرۆڤی ئازاد مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت[38].

زۆر جار ژن بەهۆی پێگە ئاینییەکەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری هەبووە لە کۆمەڵگای میسۆپۆتامی کۆندا، بەتایبەتی ئەگەر ژنەکە پێگەی کاهینە ژنی نادیتو Naditu هەبێت[39]. ئەم جۆرە ئافرەتانە بە حوکمی پێگەی پیرۆزی ئاینیان بۆیان هەبوو هاوسەرگیری بکەن بەڵام بۆیان نەبوو منداڵیان ببێت[40]، ئەمەش وای کردووە رۆڵیان هەبیت لە دەست نیشان کردنی ژنێکی تر بۆ هاوســـەرەکانیان بۆ مەبەســـتی منداڵ بوون و وەچە نانەوە[41]. ئەمەش زۆر بەروونی ئاماژەی بۆ کراوە لە مادەی 144 و 145ی یاسای خامورابی.

هەروەك تێبینی دەکەین کە لەیاســـاکە ژنی دووەم بە (ئەمتوم amtum) ناوبراوە کە ئەمەش بە واتای کۆیلە و خزمەتکار دێت بەڵام لە ڕاسـتیدا مەرج نیە ئەم ژنە کۆیلە بێت بەڵکو رەنگە لەچینی ئازاد بێت بەڵام، مەبەسـت لەبەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ئەوەیە کە نەتوانێت لە داهاتوو خۆی بەراوورد بکات بە ژنی یەکەم (کاهینە ژنی نادیتو) و داوای ماف و پێگەی هاوتای ئەو بکات.[42] زۆرجار کاهینە ژنی نادیتو هەڵدەستان بە دەست نیشان کردنی خوشکی خۆیان وەك خیزانی دووەم بۆ هاوسەرەکانیان[43]، زۆر جار ئەم خوشکەش لە کاهینە ژنی جۆری شوگیتوم دایە[44].

زۆرجار لە کۆمەڵگای بابلی کۆن کچ لە تەمەنێکی بچووکەوە بەشـــوودراوە، ئەتوانین ئەم جۆرە هاوســـەرگیرییەش لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی خامورابی بە هاوسەرگیری ناتەواو لە قەڵەم بدەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی تا کچەکە نەگاتە تەمەنی بالغ بوون وەك خیزانی هاوســـەرەکەی هەژمار ناکرێت، ئەم جۆرە هاوســـەرگیرییە ناتەواوەش لە مادەکانی (130 ، 155، 156، 159، 161) لە یاسای خامورابی ئاماژەی بۆ کراوە[45].

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەش دوو شێوەی هەبووە :

1- دوای ئەوەی باوکی کوڕەکە دەســت دەکات بە دەســت نیشــان کردنی کچەکە و دیاری دەدات بە باوکی کچەکە، بەپێی گرێبەســـتێك کچەکە دەبێتە خێزانی کوڕەکە بەڵام لەماڵی باوکی خۆی دەمینێتەوە تا ئەوکاتەی ئامادە دەبێت، لەو ماوەیەش مەســـروفاتی لەســـەر هاوســـەرەکە (کورە) دەبێت. ڕەنگە ئەمە بەهۆکاری تەمەن بچووکی و نائامادەیی هەردوو لابێت، یان بەهۆکاری ئامادە نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەوەی وەك دوو هاوسەر ژیانی تیا بگوزەرێنن.

2- لەم جۆرەیان دوای ئەوە باوکی زاوا دیاری دەدات بە باوکی بووك (کچەکە)، ئینجا دەچێتە ماڵی باوکی کوڕەکە و لەویٚ دەبیت تا ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی هاوســـەرگیری لەگەڵ کوڕەکەیان بکات، لەو ماوەیەش کچەکە مەســروفاتی لەســەر ماڵی باوکی کوڕە دەبێت[46].

بەگوێرەی برگەکانی یاســای خامورابی زۆرجار هەوڵدراوە مافی ژن بپارێزێت و داکۆکی لە ئافرەت بکات، بەڵام جیاوازی چینایەتی و پێگە کۆمەلایەتییەکان هەندێك جار لە بەرژەوەندی ئافرەت نەبووە، بەڵکو پڕ بەمانا کۆمەڵگا باوك ســالاری بووە، بۆ ئەم مەبەســـتەش ئەگەر ژن لە پێگە کۆمەڵایەتیەکانی لابدات و ببێتە هۆکارێك بۆ ئابروبردنی هاوســـەرەکەی، ئەوە لەو حاڵەتە پیاوەکە مافی ئەوەی هەیە ژنەکە تەلاق بدات بێ ئەوەی هیچ برە مارەییەکی بداتێ، یان ئەوەتا لەماڵەوەی خۆی بهێڵێتەوە و ژنێکیتری بەسەردابهێنێت[47].

---

38 المشعل ، أحمد حسين : العبودية في العصر البابلي القديم 2000-1595ق.م، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة دمشق، 2018، ص 159-160

39 بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم جۆرەی کاهینە ژنەکان بروانە :

الذهب، اميرة عيدان : الكاهنات في العصر البابلي القديم، رسالة ماجستير منشورة، جامعة بغداد، 1999، ص95

40 نفس المصدر، ص 95-96

41 النعيمي، هبة حازم : الجمع بين الأختين في زواج العصـــر البابلي القديم، مجلة الملوية للدراســـات الأثارية والتاريخية، المجلد 7 ، العدد 30، ســـنة 2020، ص 121 .

42 البكرى، محمد عبدالغنى : تطبيق القوانين البابلية في ضوء النصوص السومرية، أطروحة دكتوراه ، الموصل ، 2006، ص 87

43 النعيمي، هبة حازم : مصدر سابق ، ص 121-122 .

44 Harris, R.: the Case of three Old-Babylonian Marriage , JNES, Vol.33, no.4, (1974), p.364-365

45 حنون : مصدر سابق ، المواد القانونية ، 130، 155 ، 156 ، 159، 161.

46- الهاشمي : مصدر سابق، ص 47-49

47 الحمداني: مصدر سابق ، ص 94

هەندێك جۆری پەیوەندی نیوان ژن و پیاو بەهەموو شێوەیەك قەدەغە بووە، لەوانەش پەیوەندی سەرجێی (جنسی) نێوان کوڕ و دایك، لە بەندێکی یاساکەدا هاتووە ئەگەر بە بەڵگە بوونی پەیوەندیەکی لەوجۆرە لە نیوان کور و دایك ببینرێت ئەوە دایك و کور هەردووکیان هەڵدەدرینە ناو ئاگر و دەسوتێنرین بە پێی ماددەی 157 لە یاسای خامورابی.[48]

هەروەك کۆمەڵگای میسۆپۆتامی زۆر ئامۆژگاری تاکەکانی کردووە بەوەی خۆیان بە دوور بگرن لە خواستنی دوو جۆر ژن لەوانەش :

1- ئەو ژنەی دەست بڵاوە و زۆر مەسروفی هەیە، ئەم جۆرە ژنانە وەك ئەریمەن وان بە هۆکاری سەرەکی ناخۆشی و نەهامەتی خێزان دادەنرێت. هەروەك پەندێکی سۆمەری هەیە دەڵێت: ((ئەو ئافرەتەی دەست بڵاوە زۆر سەرف دەکات لەگشت ئەریمەنێك خراپترە))[49]

2- پەندیکیتری سۆمەری هەیە ئامۆژگاری پیاو دەکات بەوەی ئەو کاهنە ژنانە نەخوازن کە پیشەیان خەوتنە لەگەڵ پیاوان تیایدا هاتووە ((لەگەڵ ئەو ژنانە مەخەوە کە ریژەی هاوسەرەکانیان بە هەزارانە))[50]

ژن لە سەردەمی بابلی کۆن ـوەك پێشتریش وترا -پێگەیەکی گرنگی هەیە بەشێکی گرنگی برگە یاساییەکانی خامورابیش پەیوەستن بە لایەنی هاوسەرگیری چۆنیەتی پیکهێنانی خێزان و ماف و ئەرکەکانی هاوسەرەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی باوك سالاری و زاڵ بوونی پیاو بەسەر برگە یاساییەکانی خامورابی دیاردەیەکی هەست پێکراوە. بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم بابەتە خوێندنەوەو وەرگێرانی دەقێکی مێخی کە بریتیە لە گرێبەستی ئەنجامدانی هاوسەر گیری لەخوارەوە مانا گشتیەکەی ئەخەینە روو:

1- خوێندنەوەی نووسینە مێخیەکە[51]:

Obv. $^{f}$Ta-ra-am-SAG.ÍLA
ù Il-ta-ni
DUMU.SAL $^{d}$EN.ZU-a-bu-šu
$^{m}$ÌR-$^{d}$UTU a-na aš-šu-tim
5- ù mu-tu-tim i-ḫu-ši-na-ti
$^{f}$Ta-ra-am-SAG.ÍLA
ù Il-ta-ni
a-na $^{m}$ÌR-$^{d}$UTU mu-ti-ši-na
ú-ul mu-ti at-ta
10- i-qá-bi-ma iš-tu AN.ZA.KAR$^{ki}$
i-na-du-ni-ši-na-ti
ù $^{m}$ÌR-dUTU a-na $^{f}$Ta-ra-am-SAG.ÍLA
ù Il-ta-ni aš-ša-ti-šu
ú-ul aš-ša-ti at-ti
15- i-qá-bi-ma i-na bi-tim
ù ú-ne-a-tim i-te-li
Edg.
ù Il-ta-ni
ši-pi $^{f}$Ta-ra-am-SAG.ÍLA
i-mi-sí
Rev.
20- GIŠ.GU.ZA-ša a-na É i-li-ša
i-na-ši ze-ni $^{f}$Ta-ra-am-SAG.ÍLA

48 حنون، مصدر سابق، الماده 157 ، ص 167
49 سليم ، أحمد أمين : الأسرة في العراق القديم دراسة من خلال ادب الحكم و النصائح ، بيروت ، 1985،ص 35
50 هەمان سەرچاوە، ص 3
51 Harris, R.: Op.Cit, p.364-365

$^{f}$Il-ta-ni i-ze-ni
sa-la-mi-ša i-sa-lim
ku-nu-ki-ša ú-ul i-pí-te
25- 1 (BÁN) ZÍD ŠE i-te4-en-ma
IGI E-ri-ba-am DUMU PÙ.ŠA-a-bi
IGI Du-lu-qu DUMU Ší-sú-na-wi-ra-<at>
IGI 30-ma-gir DUMU E-til-lum
IGI Ma-na-tum DUMU nu-úr-a-bi
30- IGI É-a-ra-bi DUMU ÚḪki-še-mi
IGI 30-ša-mu-uḫ DUMU nu- úr-30
IGI Ú-kin-ki-la DUMU 30-ga-mil
IGI Mi-lí-dIM DUMU E-ri-ib-30
IGI dUTU-ri-iš DUMU Ì-lí-bi-lí
35- IGI A-pil-ì-lí-šu DUMU 30-gim-la-<an-ni>

ماناكە ووشەییەكەی دێر بەدێر :
نووسینەكانی دیوی پێشەوە تابلێتەكە:
1- تەرام- ساگیلا
2- وە ئیلتانی
3- )هەردووكیان) كچی سین –ئابوشۆ
4- )هەردووكیان) بۆ وەرەد- شەمش وەك خێزان
5- ئەویش وەك مێردی ئەوان ، بردیان
6- تەرام- ساگیلا
7- )یان) ئیلتانی
8- بە وەرەد- شەمش مێردیان
9- تۆ مێردی ئێمە نیت (واتە داوای تەلاق بكەن)
10- بلێن ، ئەوا لەسەر بورج
11- هەلیان دەدەنە خوارەوە
12- بەلام وەرەد- شەمش بە تەرام- ساگیلا
13- یان ئیلتانی ، خێزانەكانی
14- ئێوە خێزانی من نین
15- بلێت ، خانووەكەی
16- ئەو شتانەی لەناویەتی لە دەستی ئەدات
نووسینەكانی رۆخی تابلێتەكە:
17- هەروەها ئیلتانی
18- پێیەكانی تەرام- ساگیلا
19- ئەشوات
نووسینەكانی دیوی پشتەوەی تابلێتەكە:
20- تا 23 - (ئیلتانی) كورسی (تەرام- ساگیلا) بۆ پەرستگای خواوەندەكەی هەلدەگرێ ئیلتانی ئەبێت لەپاڵ تەرام –ساگیلا بێت جا ئەمەیان باش بێت یان خراپ بێت (لەگەڵ مێردەكەی)
24- (ئیلتانی) مۆرەكەی ناكرێتەوە
25- ئیلتانی پێویستە 1 سوتو لە ئاردی باش و تازە بكوتێت پێشكەشی (تەرەم-ساگیلا) بكات.
26-بەشایەتی ئیریبام كوری پوشابی

-27بەشایەتی دولوقو كوری سیسوناویرات
-28بەشایەتی سین – ماگر كوری ئیتیلوم
-29بەشایەتی ماناتۆم كوردی نور- ئابی
-30بەشایەتی بیت-ئارابی كوری ئوخ-شیمی
-31بەشایەتی سین –شاموخ كوری نور-سین
-32بەشایەتی ئوكین –كیلا كوری سین –گامیڵ
-33بەشایەتی میلی –ئەدەد كوری ئیریب- سین
-34بەشایەتی شەمش –ریش كوری ئیلی –بێلی
-35بەشایەتی ئەپەل –ئیلیشۆ كوری سین- گەمیلانی
مانای گشتی دەقە مێخیەكە:


((تەرام ساگیلا و ئیلتانی كە هەردووكیان كچی (سین –ئابوشۆ)ن، بە شوو دراون بە كابرایەك بەناوی (وەرەد- شەمش) كە هەردووكیان بەیەكەوە بوونە بەخێزانی وەرەد شـەمەش، ئەویش وەك مێردی ئەوان لەقەلەم دراوە، ئەگەر هەر یەكێكیان لەم دوو خوشـكە (تەرام سـاگیلا یان ئیلتانی) بە وەرەد- شـەمش مێردیان بڵێت تۆ مێردی من نیت (واتە داوای تەڵاق بكات) ئەوا لەسـەر بورج هەڵی ئەدەنە خوارەوە (واتە ئەكوژرێت)، بەڵام ئەگەر وەرەد- شـەمش بەیەكێك لە خێزانەكانی(تەرام- سـاگیلا یان ئیلتانی) بڵێت ئێوە خێزانی من نین، ئەوە خانووەكەی و لەگەڵ گشت ئەو كەل وبەلانەی لەناویەتی لەدەست ئەدات، هەروەها دەبێت ئیلتانی كە خوشكی بچوكە پێیەكانی پێیەكانی تەرام- ساگیلا بشوات و كورسی (تەرام- ساگیلا) بۆ پەرستگای خواوەندەكەی هەڵبگرێت، ئیلتانی ئەبێت لەپاڵ تەرام –ساگیلا بێت جا ئەمەیان باش بێت یان خراپ بێت (لەگەل مێردەكەی)، (ئیلتانی) مۆرەكەی(كێشەكەی) ناكرێتەوە، هەروەها لەسەر ئیلتانی پێویستە 1 سوتو لە ئاردی باش و تازە بكوتێت پێشكەشی (تەرەم-ساگیلا) بكات، ئەم گرێبەستە بە ئامادەبوونی چەندین كەسـی شـایەت لەسـەر ئەم مارەبرینە و خێزانداریە نووسـراوە كە ئەمەش ناوەكانێتیان : ئیریبام كوری پوشابی، دولوقو كوری سیسوناویرات ، سین – ماگر كوری ئیتیلوم ، ماناتۆم كوردی نور- ئابی، بیت-ئارابی كوری ئوخ-شیمی، سین – شاموخ كوری نور-سین ،ئوكین –كیلا كوری سین – گامیڵ، میلی– ئەدەد كوری ئیریب- سین، شـەمش –ریش كوری ئیلی –بێلی ، ئەپەل –ئیلیشۆ كوری سین- گەمیلانی)).

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەبینین لەم تێكستەدا دوو خووشك بەجارێك بەشوو دراونەتە یەك كەس، كە لەداهاتوو هەریەكێك لەم دوو خوشكە داوای تەلاق و جیابوونەوە بكەن لە هاوسـەرەكەیان ئەوا ئەكوژرێن، لە بەرامبەر رازی بوونی ئەم دوو خوشكە بە شـوكردنیان بە هاوسـەرەكەیان، وا پێدەچێت مارەیەكەیان بریتی بێت لە خانووێكی ئامادەكراو، بە گشت كەلو پەلێكی پێویستی ناوماڵ، كە ئەگەر پیاوەكە هەر داوای تەڵاق بكات ئەوە ماڵەكەی ئەبێت بەهی دوو خوشكەكەو پێی نادرێتەوە، واتە پیاوەكە ئەبیت لەمالەكە بڕوات نەك خێزانەكانی، سـەرەرای ئەمەش ئەبینین لە تێكسـتەكە ئاماژە بەوە كراوە كە خوشكی گەورە (تەرام سـاگیلا) خاوەن بریارەو وەك ئافرەتی یەكەمی ماڵ هەژماردەكرێت هەرچی خوشـــكە بچوكەكەیە ئەوا دەبێت گوێرایەڵی فەرمانەكانی خوشـــكی گەورەی بێتو خزمەتی بكات بۆی نیە شـــكایەت لەهیچ شـــتێك بكات، نووســـین و تۆماركردنی ئەم گرێبەســـتەش بە ئامادەبوونی چەندین كەس بووە كە وەك شاهید ناویان لە كۆتایی تێكستەكە هاتووە)).

رەنگە خوشـكی گەورە لە كاهنە ژنەكانی ناسـراو بە نادیتو بێت ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی لەتێكسـتەكەدا برگەی هەڵگرتنی كورســی لە لایەن خوشـكی بچووك بۆ خوشـكی گەورەو بردنی بۆ پەرسـتگای خواوەند، كە زۆرجار ئەم برگەیەی تایبەت بە هەڵگرتنی كورســی لەو جۆرە گرێبەســتانەدا دەبینریت كە تایبەتە بە هاوســەرگیری كاهنە ژنی نادیتۆ و خوشــكەكەی لە یەك پیاودا.[52]

ئەمەش كۆپیەكی نووسینە مێخیەكەیەكە لەلایەن توێژەر(پ.ی.د.ئارام جەلال حەسەن) خۆی دووبارە كۆپی كراوەتەوە:

52 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دیاردەیە بروانە :
الذهب، امیرة عیدان : مصدر سابق، ص95-98



**ئەنجام :**

لەم توێژینەوەیەدا چەند دەرئەنجامێك بەدەست هاتووە، کە دەتوانین گرنگترینیان لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

1) خێزان لای بابلیەکان گرنگی تایبەتی پێ دراوە و بەووردی ڕێکخراوە ئەمەش بە ئاشکرا لەو یاسایانەدا دەردەکەوێت کە تایبەت کراوە بەم بوارەوە.

2) سەرەڕای ئەوەی کە ژن لە هەندێك ڕووەوە ستەمی لێکراوە، بەڵام هەندێك مافی وەك تەسەرووفی یاسایی بەو شتانەوە هەبووە کە هی خۆی بوون لەچوارچێوەی خێزاندا و بنەمای خێزانداریش بە پێی گرێبەستێك لەنێوان هەردوولا ڕێکخراوە.

3) تایبەت کردنی چەندین برگەی یاسایی بۆ دیاریکردنی ڕۆلی ژن و بەرپرسیارێتی لە پرۆسەی خێزانداریدا

4) ڕەنگدانەوەی سیستەمی باوك سالاری لە برگە یاساییەکانی ناو یاسای خامورابی کە تیایدا هەمیشە پیاو ماف و دەسەڵاتی لە ژن زیاتربووە.

5) بە شێوەیەکی فەرمی لە میسۆپۆتامیای کۆن پیاو بە فەرمی بۆی هەبووە یەك ژن بێنیت ، بەلام لە هەندێك حالەتی تایبەتی بۆی هەبووە لە ژنیك زیاتر بینیت وەك نەبوونی منالّ ، یان نەخۆش کەوتنی خێزانی یەکەم کە لە برگەکانی یاسای خامورابی ئاماژەی بۆ کراوە

6) کاهنە ژنەکانی نادیتو زۆر جار خۆشکی خۆیان دەست نیشان ئەکرد بۆ هاوسەرەکانیان بۆ ئەوەی وەك ژنی دووەمی بیخوازیت ئەمەش بە ئامانجی خستنەوەی وەچە بووە چونکە کاهنە ژنی نادیتو بۆی هەبووە شوو بکات بەلام بۆی نەبووە منالی ببێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


1- الأغا، وسناء حسون: المرأة في حضارتي العراق و مصر القديمتين، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الموصل، 2009

2- الانصاري، داليا فوزي : الاسرة في العراق القديم في ضوء النصوص المسمارية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، 2003
3- الأمين ، محمود : شريعة حمورابي، لندن ، 2007
4- باقر، طه: المقدمه فى تأريخ الحضارات القديمة، ج1، بغداد، 1955
5- باقر، طه، وآخرون: تأريخ العراق القديم، ج2،بغداد، 1980
6- البكرى، محمد عبدالغنى: تطبيق القوانين البابلية في ضوء النصوص السومرية، أطروحة دكتوراه، الموصل، 2006
7- حنون، نائل: شريعة حمورابي ، دمشق،2005
8- حمادى، صباح جاسم: "الجذور التأريخية لنظام الزواج في وادى الرافدين"، مجلة كلية الآداب، العدد102، ج2، بغداد، 2012
9- الحمداني ، شعيب أحمد: قانون حمورابي ،بغداد، 1987-1988
10- الذهب، اميرة عيدان: الكاهنات في العصر البابلي القديم، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة بغداد، 1999
11- رسام، رواء أنور عزيز، الإناء الفوار و علاقته بإله الماء أنكي وبدائله في فنون بلاد الرافدين، رسالة ماجستير غيرمنشورة، اربيل، 2009
12- رشيد، عبدالوهاب حميد، حضارة وادى الرافدين، العقيدة الدينية الحياة الاجتماعية، بغداد، 2004.
13- ريك ، جان امل : مركز المراءة في قانون حمورابي ، ترجمة :سليم العقاد ، قاهرة ،1926
14- ساكز، هارى: عظمة بابل، ت، عامر سليمان، موصل، 1979
15- سليم، أحمد أمين: الأسرة في العراق القديم دراسة من خلال ادب الحكم و النصائح، بيروت، 1985
16- سليمان، عامر: القانون في العراق القديم، بغداد، 1987
17- صاحب، زهير: فنون بابلية، ط1، بغداد، 2011
18- كوركيس ، عادل : تطور الزواج ،د-ت، د.م.
19- عبدالمالك، منذر علي: نصوص ادارية وقضائية من تل الفخار (مدينة كوروخاني) نصوص غير منشورة، رسالة ماجستير، بغداد، 1999
20- مرعى، عيد: قوانين بلاد مابين النهرين، دمشق، 1995
21- المشعل، أحمد حسين: العبودية في العصر البابلي القديم 2000-1595ق.م، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة دمشق، 2018
22- النعيمي، هبة حازم : "الجمع بين الأختين في زواج العصر البابلي القديم"، مجلة الملوية للدراسات الأثارية والتاريخية، المجلد 7، العدد 30، سنة 2020
23- الهاشمي، رضا جواد: نظام العائلة في العهد البابلي القديم، البصرة، 1971
24- الهموندي ، آرام جلال حسن: نصوص مسمارية غير منشورة من مدينة بيكاسي في العصر البابلي القديم، ط1، دمشق، 2017
25- الهموندي، آرام جلال حسن: نصوص مسمارية غير منشورة من العصر البابلي القديم من مدينة بيكاسي (تل ابو عنتيك) من المتحف العراقي، رسالة ماجستير منشورة، اربيل، 2012.

**المصادر الأجنبية :**

1- Driver, G. R and Miles, John, C: The Babylonian Laws, vol 1, Oxford: 1952
2- Finekel, I, L: An Early Babylonian legal Document. RA, vol 70 No1,1976
3- GELB, I. J & Others, (1956f). The Chicago Assyrian Dictionary, Chicago, **CAD**
4- Greengus, S.: OLD BABYLONIAK MARRIAGE CEREMONIES AND RITES, JC-S, Vol.20, No.2 (1966)
5- Halloran, J.: Sumerian Dectionary, USA: 2006.
6- Harris, R.: The Case of three Old-Babylonian Marriage, **JNES**, Vol.33, no.4, (1974)
7- Matthews, V.: Marriage and Family in the Ancient Near East, 2003.
8- VAN De MIEROOP: Akkadisches Handwörterbuch, Wiesbaden, (1959-1981), **AhW**